# هارۆڵد پینتەر،،بۆ؟

سەردار عەزیز

دەربازبوون نیە
سەگەلەکە بەرەڵابوون.
هەرچی ببینن ئەیگێن
ئاگات لە دوای خۆت بێت. (هارۆڵد پینتەر، لە شیعری دیموکراتیدا)

هارۆڵد پینتەر، شانۆنامەنوس و سینارۆنوس و شاعیری ئینگلیزی ئەمساڵ خەڵاتی نۆبڵی ئادابی پێبەخشرا. پینتەر لە باوانێکی جولەکە لە ناوچەی لەندەن لە ساڵی1930 لە دایک بووە. لە نوسینەدا من دەمەوێ پرسیاری بوروژێنم بۆچی هارۆڵد پینتەر؟ پینتەر لە وولاتی خۆی بەریتانیا پیاوێکە خۆشنەویستراو بەڵام لە دونیادا ناسراوە، هەرچەندە ناسینێک نیە لە ئاستی خەڵاتی نۆبڵدا بێت. پینتەر هەفتەی رابوردو لە شاری دۆبلن بوو، بۆ هەفتەی شانۆ. هەفتەی پێش ئەوە جەژنی لە دایک بوونی 75ساڵەی بوو. لە کاتی گەرانەوەیا بۆ فرۆکەخانە رۆژێکی باران بوو، لە بەر لاوازی بێهێزی لە سەر شۆستەکە خلیسکاو سەری بریندار بوو. لە خەستەخانە نۆ تەقەڵیان لە سەریدا. خەڵاتکردنی پینتەر چەند پرسیارێک دەوروژێنێ، پرسیار دەربارەی دژە-ئەمریکایەکان، دەربارەی شەری عێراق، دەربارەی هەڵوێستی ئێمەی کورد. پینتەر بەوە ناسراوە کە جگە لە نوسەر پیاوێکە لە بواری سیاسەتدا چالاکە. وەک چەپێک هەڵوێستی دژ بە ئەمریکایە بە جۆرێک وولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و لێپرسراوانی بە تاوانباری جەنگ لە قەڵەم ئەدات. پینتەر دۆستی نزیکی ئارثەر میللەربوو. لە ساڵی 1988 هەردوو نوسەر بە سەفەرێک چوونە وولاتی تورکیا بۆ زانینی کاروباری بەندیخانەکان لەوێ. لە پاش سەفەرەکەیان پینتەر لە گەڵ میللەردا لە لەلایەن سەفارەتی ئەمریکا لە ئەنقەرە داوەتکران. بەڵام پینتەر لە داوەتەکەدا دژ بە ئەمریکا قسەی کرد و حکومەتی ئەمریکای تاوانبار لە قەڵەم دا بە پاڵپشتکردنی تورکیا لە کوشتنی کورددا. لێپرسراوانی باڵیوزخانەکە پینتەریان کردە دەرەوە و بۆ نارەزایی دەربرین ئارثەر میللەر لە گەڵیا چووە دەرەوە. لە پاش گەرانەوەی پینتەر شانۆگەریەکی نووسی دەربارەی بارودۆخی کورد لە تورکیا لە ژێر ناوی زمانی شاخان. کە باس لە چەوساندنەوەی حکومەتی تورکیا ئەکات بۆ کوردو بە تایبەت قەدەخەکردنی زمانی کوردی. یەکەم دیمەنی شانۆکە باس لە چەند خێزانێ کوردئەکات کە لە گوندەکەی خۆیان دەرکراون و بۆ ماوەی هەشت سەعات لە سەر بەفر سەربازە تورکەکان پێیانەوە رائەبوێرن.

چۆن لە نوسەرێ وەها تێبگەین، ئایا ئەوەندە بەسە کە دژ بەشەربوو ئیتر بەرهەمەکانی نەخوێنینەوە. هەرچەندە زۆربەی بەرهەمەکانی نوسەرانی تر کە خاوەنی نوبلن نەکراوەتە کوردی یان هیچیان لە بارەوە نەنوسراوە، ئەمە مانای ئەوە نیە هەموویان شایانی خوێندنەوەن. بەلای منەوە لە نێو ئەوانەی لەم چەندساڵەی دوایدا خەڵاتەکەیان پێبەخشراوە کویتزی، نوسەری ئەفریقا باشور، باشترین نوسەرە، هەرچەندە من تەنها چوار رۆمانیم خوێندوەتەوە.

پینتەر خۆی بروای وایە کە بۆیە خەڵاتەکەی پێبەخشراوە چونکە لە رووی سیاسیەوە چالاکە، بەڵام لە هەمانکاتدا دان بەوەدا ئەنێت کە نازانێ بۆچی خەڵاتەی پێبەخشراوە. لە چاوپێکەوتنێکا لەگەڵ رۆژنامەی گاردیاندا پینتەر ووتی ئەو چاوەروانی ئەوەی ئەکرد کە نوسەری تورک ئورهان بایمۆک خەڵاتەکەی پێببەخشرێ، نەک خۆی، چونکە ئەو نوسەرێکی لێهاتووە. بۆیە ئەڵی کاتێک کە پێیان گووت ئەکادیمیای سویدی دەیەوێ تەلەفونت بۆبکات، پینتەر ووتی بۆ؟

مانگی داهاتوو،پینتەر دەچێت بۆ ستۆکهۆڵم بۆ ئەوەی بۆ ماوەی 45 دەقە قسەبکات، ئەو دەڵێ ئەوە درێژترین قسەکردنە ئەبێ لە ژیانیا. هەر لە ئێستاوە هەموو چاوەرێی ئەوە ئەکەن کە پینتەر لهمیانەی قسەکردنەکەیا هێرش بکاتە سەر ئەمریکاو بەریتانیا. ئەگەر بێتوو رێی پێنەدرێ ئەوا رەنگە خەڵاتەکە وەرنەگرێ، وەک جان پۆل سارتەر. پینتەر وەک نوسەرانی تری ئەنگلۆساکسۆن نیە، ئەم لە رۆشنبیرانی کیشوەری ئەورووپاوە نزیکە، رۆمانە ناسراوەکەی مارسێل پرۆست، یادککردنەوەی ساتە بەسەرچوەکانی کردوەتە سیناریوی فلیمێک هەروەها دادگای کافکاش.

پینتەر رووبەرووی پرسیاری سەختمان ئەکاتەوە؛ چۆن لە ئەمریکا تێبگەین، چۆن مامەڵەی لە گەڵابکەین. ئەمریکا لای پینتەر وولاتێکە کە کوشتن و ئازاردان و لاقەکردن کاری رۆژانەن لەلایەن حکومەتەوە، لەشوێنێکی وەک فۆرت بینینگ لە جورجیا، کە بە قوتابخانەی ئەمریکا ناسراوە و لای پینتەر بە قوتابخانەی سزادان ناسراوە.

هەرئەم هەڵوێستە وایکرد کە هەواڵی بەخشینی خەڵاتی نوبلی لە ئەمریکا ببێتە جێی رەخنە، چونکە پینتەر پیاوێکە هەرچەندە زۆر لە شانۆنامەکانی لە شارەکانی نیوروک و بۆستون پێشاندراوە بەڵام لە لایەن سیاسەتمەداران و بە تایبەت ئەم ئیدارەیەوە، پیاوێکی نەویستراو، بۆیە جێی سەرسورمان نیە خەڵک دابەشبوون بەسەر دوو بەشدا: بەشێک بروایان وایە کە پینتەر شایستەی خەڵاتەکەیە و بەشێکی تر بروایان وایە کە ئەکادیمیانی سویدی هەڵەیکردوە.

ئەوەی دەبێتە جێی بیرکردنەوە بۆ ئێمە، وەک خەڵک و رۆشنبیرانی کورد، بۆچی پینتەر بەرزترین خەڵات دەکرێ؟ ئەمە پرسیارێکە دەربارەی هەڵوێستی سیاسیمان، چۆنێتی نوسینمان، ئەرکی رۆشنبیربوون. پینتەر بە زمانێ ئەنووسێ کە لە زمانی سادەی خەڵک ئەچێ؛ کارکردن بە زمانێکی وا بە تایبەت لە شانۆدا گۆرانێکە کەلتوری ئێمە پێویستیەتی. زمانی نوسینی شانۆ و چیرۆک و رۆمان لای ئێمە زمانێکە رەق، مردوو، دوور لە ژیان. بۆ نموونە باشترین رۆماننوسی ئێمە کە بەختیار عەلیە، ئەگەر بێتوو رستە دووبارەو پەرەگرافە زیادەکان لە رۆمانەکەی وەدەرنێی ئەوا دەبنە کورتە چیرۆک. دیارە زمانی گشتی و زمانی ئایدیال هەریەکەی تایبەتمەندی خۆی هەیە،قسەکردنی زۆر هەڵئەگرێ، وەک زۆر بەی زۆری لایەنە کۆمەڵایەتی و کەلتووریەکانی ئێمە، قسەلەسەر نەکراوە بیرلێنەکراوەیە.

پینتەر ناچارمان ئەکات بیر لە ئەمریکا بکەینەوە، بیر لە شەر بکەینەوە، بیر لە چەپەکان بکەینەوە. لێرە لە ئەوروپا زۆر گرانە داکۆکیکردن لە هەڵوێستەکانی ئەمریکا. ئەمریکا کە دیکتاتۆرێکی وەک سەددامی لە دەسەڵات لابرد، بۆ ئێمە نەبوو. رۆژانێکی زۆر هەبوو بە ئاگایی ئەمریکا ئێمە لەناوئەبراین، ئەمریکا نەک هیچی نەئەکرد بۆ وەستانی بەڵکو پاڵپشتی ئەکرد، لە رێگای یارمەتیدانی سەدام و بێدەنگکردنی هەموو هێزێک کە دژی بوو. سەمەنتا پاوەر لە کتێبی؛ کێشەیەک لە دۆزەخەوە، ئەمریکا لە سەردەمی جیونۆسایدا؛ بە دوورو درێژی لەم کێشەیە دواوە. بۆیە هەرچەندە ئێستا ئێمە لەگەڵ ئەم هێزەدا بەرژەوەندیەکانمان تەبایە، بەڵام ئەم هێزە ئێمە وەک ئەپەراتۆسێ (دەسکەلایە) تەماشا ئەکات، هەرکاتێ لە کارکەوتین بەبێ دوودڵی پشتگوێمان ئەخات، ئەگەر پێویستیش بێت لە ناومان ئەبات. قوتابخانەی ریالیست لە پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکانا کە بروای بەهاوسەنگی هێز هەیە، هێشتا یاری زۆری هەیە لە واشنتۆن. ئەو قوتابخانەیە کە ئێمە لە سەردەمی کیسنجەردا بووین بە قوربانی، بە هۆی بریارێکەوە لە رێکەوتنێکا ئاشمان بەتاڵکرد.

پینتەر ئەگەر لە لایەنە تاریکەکەی ئەمریکا بە ئاگامانئەکاتەوە لە هەمانکاتا ناچارمان ئەکات  بیر لە چەپەکان بکەینەوە. ئایا ئەوان بۆچی کاتێک لە بەر نەگونجانی ئایدەلۆژی کەوتنە بەرگریکردن لە دیکتاتۆریەت، هەرچەندە ئەوەی پێویستە بووترێ رژێمی سەدام لە هەموو روویەکەوە لە رژێمێکی کۆمۆنیستیەوە نزیک بوو تالە هەر رژێمێکە تر، بەڵکو کەسی سەدام خۆی کەسێک بوو حەزی لە

لاساییکردنەوەی ستالین بوو. وولاتێک کە دەوڵەت دەست بەسەر هەموو بوارەکاندا بگرێ و رێگا بە هیچ بیرو پارتێکی تر نەدا، هەمان شێوازی توتالیتاریە کە کۆمۆنیزم بانگەشەی بۆ ئەکات. توتالتیاریزم شێوازێکە لە یوتوپیا وەک تزیفان تۆدۆرۆف دەڵێ. بواری گشت و بۆاری تایبەت و پەیوەندی بە دەسەلاتەوە بابەتێکە کە لێکۆڵینەوەی زۆری پێویستە، چونکە کەڵچەری ئێمە بە ئاگا نیە لە چیەتی و چۆنێتی کارکردنی ئەم دووبوارە چونکە کەلتوری ئێمە چ لە رووی ئاینەوە و چ لە رووی دەسەلاتەوە هەردەم تۆتالتاریزم بووە و بواری تایبەتی نەهێشتوەتەوە. بۆئەوەی لە دیموکراسی تێبگەین دەبێ لە بوارەکان و چۆنێتی ئیشکردنی شارەزابین.

لە لایەکی ترەوە ئێمە لە پینتەردا رووبەرووی دوالیزمێک ئەبینەوە، لە کاتێکا لە گەڵ هەڵوێستەکانیا ناگونجێین بەلام لەهەمانکاتدا هەڵوێستەکانیمان بەدڵە لە دۆستایەتیکردنی کردنی کورد لە تورکیا. پینتەر چ لە رووی سیاسی و چ لە رووی ئەدەبیەوە بۆ ئێمە مایەی تێرامانە، ئایا تا چەندێک ناوەندی رۆشنبیری کوردی ئەتوانێ سوودی لێببینێ جێی پرسیارە، لە کاتێکا پینتەر نەک وەک بەرهەم بەڵکو وەک ناوێکیش نەناسراوە.